گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بارودۆخی ئایینی ناموسڵمانەکان لە خیلافەی عەباسی لە سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە)

**هۆشمەند اکرم مولود**
بەشی مێژوو, فاکەڵتی پەروەردە , زانکۆی کۆیە، کۆیە، عێراق
Hoshmand.akram@koyauniversity.org

**پ.ی.د. کامەران عەزیز عبدوڵلا**
بەشی مێژوو, فاکەڵتی پەروەردە, زانکۆی کۆیە، کۆیە، عێراق
Kamaran.aziz@koyauniversiyty.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/٢١
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Buayhi, Seljuki, non-Muslims, Abbasid Caliphate, religious

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.4.14

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە بارودۆخی ئایینی ناموسڵمانەکان دەکات لە خیلافەی عەباسی، لە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی، وەکو لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری. کە لایەنەکانی پەرستش و برەودان بە فیکری ئایینی- زانستی و سەپاندنی جیاکاری ئایینی- کۆمەڵایەتی و کێشە و ململانێکانیان لەگەڵ موسڵمانان، لە خۆ دەگرێت. پێکهاتەی توێژینەوەکە وای خواستووە کە دابەشبێت بە سەر دەروازەیەك و دوو تەوەرەی سەرەکی، کە هەر تەوەرەیەك لە دوو خاڵ پێك دێت.

چونکە توێژینەوەکەی ئێمە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی لە خۆ دەگرێت، بۆیە دەروازەکەمان بۆ کورتە باسێك لە سەر ئەو دوو هێزە و گرتنی بەغدا تەرخانکردووە. دواتریش دێینە سەر بارودۆخی ئایینی ناموسڵمانەکان، لە تەوەرەی یەکەم کە لە دوو خاڵ پێکدێت هەوڵمان داوە باس لە ئازادی پەرستش و برەودان بە فیکری ئایینی- زانستی ناموسڵمانەکان بکەین لە هەردوو سەردەم بە بەراورد، کە وەك دەبینرێت لە هەردوو سەردەمەکە ئازاد بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوەیهییەکان مامەڵەیان باشتر بوو لەگەڵیان بەراورد بە سەلجوقییەکان کە زۆرجار هێرشیان دەکردنە سەر. لە تەوەرەی دووەمیش کە لە دوو خاڵ پێکدێت، سەپاندنی جیاکاری و کێشەکانیان لەگەڵ موسڵمانان بەراورد دەکەین

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هەردوو سەردەم، بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە سەپاندنە جیاکارییەکان لە سەردەمی بوەیهی کەمتر دەسەپێنران، ئەمەش نیگەرانی موسڵمانانی لێدەکەوتەوە و سەرەنجام هێرشیان دەکردنە سەر، بەڵام لە سەردەمی سەلجوقی سەپاندنە جیاکارییەکان زیاتر دەسەپێنرا بە سەریان، بۆیە کێشەکانیش کەمبوونەوە چونکە بیانوەکان کەمتر بوونەوە تا موسڵمانان هێرش بکەنە سەر ناموسڵمانەکان. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هۆکاری زۆربەی جیاوازییەکان لە نێوان هەردوو سەردەم، دەگەڕانەوە بۆ جیاوازی دەسەڵاتی بوەیهی و سەلجوقی لە ڕووی سیاسی و ئایینییەوە.

## 1. پێشەکی

توێژینەوە لە بارودۆخی ئایینی ناموسڵمانەکان لە خیلافەی عەباسی لە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی، باسکردنە لە چینێکی دیاری کۆمەڵگای ئەو سەردەمە، کە لە هەردوو سەردەم وجودیان هەبووە و بە پێی جۆری دەسەڵاتەکەش گۆڕانکاری بە سەر بارودۆخ و ئازادی ناموسڵمانەکاندا هاتووە لە ڕووی ئایینییەوە. ئێمە لەو توێژینەوەیە تەنها باس لە بارودۆخە ئایینییەکەیان دەکەین، لە ناوەندی خیلافەی عەباسی، کە بەغدا و ناوچەکانی عێراق دەگرێتەوە. شایەنی باسە لەو توێژینەوەیەدا، هەوڵمان داوە میتۆدێکی بەراوردکاری بەکاربهێنین بۆ باسکردنەکەمان، بەو پێیەی دەمانەوێ بارودۆخی ئایینی ناموسڵمانەکان لە هەردوو سەردەم بەراورد بکەین. بە پشت بەستن بە سەرچاوەی پڕ بایەخ و سود وەرگرتن لە ژێدەری گرنگ.

### 1-1: هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە

دیارە باسکردن لە بارودۆخی ئایینی ناموسڵمانەکان لەو دوو سەردەمە گرنگیەکی تایبەتی هەیە، چونکە دوو دەسەڵاتی جیاواز حوکمی خیلافەیان کردووە، بۆیە ویستمان توێژینەوە لە بارودۆخی ناموسڵمانەکان بکەین و هەردوو سەردەم بەراورد بکەین، بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە بارودۆخیان لە کام سەردەم باشتر بوو یا خراپتر بوو لە ڕووی ئایینییەوە.

### 2-1: پێکهاتەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیەمان دابەشکردووە بۆ دەروازەیەك و دوو تەوەرەی سەرەکی بەم شێوەیە: دەروازە: دەوڵەتی بوەیهی و سەلجوقی و گرتنی بەغدا. یەکەم: دەوڵەتی بوەیهی و گرتنی بەغدا. دووەم: دەوڵەتی سەلجوقی و گرتنی بەغدا. تەوەرەی یەکەم: ئازادی پەرستشی ئایینی و برەودان بە فیکری ئایینی- زانستی. یەکەم: ئازادی پەرستش و پەرستگا. دووەم: برەودان بە فیکری ئایینی- زانستی. تەوەرەی دووەم: سەپاندنی جیاکاری ئایینی- کۆمەڵایەتی و کێشە و ململانێکانیان لەگەڵ موسڵمانان. یەکەم: سەپاندنی جیاکاری ئایینی- کۆمەڵایەتی. دووەم: کێشە و ململانێکانیان لەگەڵ موسڵمانان.

## 2. دەروازە: دەوڵەتی بوەیهی و سەلجوقی و گرتنی بەغدا

### 2-1: دەوڵەتی بوەیهی و گرتنی بەغدا

لە سەرەتادا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بوەیهییەکان دەگەڕێنەوە سەر پیاوێك بە ناوی (أبو شجاع بویە) کە لە وڵاتی دەیلەم دەژیا و بە دەیلەمیەکانیش دەوترێ خەڵکی ئێرانی چیایی کە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین نیشتەجێ بوون (ابن العبري، 1994: 279؛ عبدالله، 2012: 37؛ حسن، 2011: 89؛ الدوري، 1995: 36). وە لە سەر مەزهەبی شیعەی زەیدی [1] بووبوونە موسڵمان (مسکویە، 2003: 30/1؛ سلهب، 2008: 26؛).

شایەنی باسە (أبو شجاع) سێ کوڕی هەبوو بە ناوەکانی (علي و حسن و أحمد) (ابن الاثیر، 1987: 88/7). کە دامەزراندنی دەوڵەتی بوەیهی لە سەر دەستی ئەو سێ برایە بوو، کە ئازایەتی و ئیرادەیەکی بەرزیان تێدا بوو، هەربۆیە لە مێژووی ئیسلامدا دەوڵەتێکی گەشەکردوویان دامەزراند (مسکویە، 2003: 30/1). دوابەدوای دامەزراندنی دەوڵەتەکەشیان، لە ساڵی (334ك/945ز) لە ئەنجامی لاوازی خیلافەی عەباسی بوەیهییەکان توانیان دەست بە سەر بەغدای پایتەختدا بگرن (مسکویە، 2003: 275/5؛ الانطاکي، 1990: 53). هەربۆیە لە ماوەی ساڵانی (334- 447ك/945-1055ز) کە بە سەردەمی بوەیهی ناسراوە، خیلافەی عەباسی بەڕێوە دەبەن و دەست بە سەر هەموو کاروبارێکدا

[1] شیعەی زەیدی: شوێنکەوتووی (زید بن علي بن أبی طالب) بوون، وە باوەڕیان بە ئیمامەتی ناوبراو هەبوو. ئەمانە گروپێك بوون لە گروپەکانی شیعە و لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی و لە ڕۆژگاری خیلافەتی (هیشام بن عبدالملك) و لە سەردەمی والی کوفە (یوسف بن عمر الثقفي) دەرکەوتن و شۆڕشیان بەرپا کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( ابن قتیبة، د.ت: 623؛ الملطي، 2009: 26؛ الاشعري، 1990: 1/136-137؛ البغدادي، د.ت: 22-23؛ الشهرستاني، 1968: 154/1).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگرن، بە شێوەیەك خەلیفەی عەباسی هەیبەت و شان و شکۆ و دەسەڵاتی دونیایی و سیاسی خۆی لە دەستدا و تەنها وەکو هێمایەك مایەوە، چونکە دەسەڵاتی تەواوەتی کەوتە ژێر دەستی میرە بوەیهییەکان و بوونە فەرمانڕەوای ڕاستەقینە لە وڵات (الطائي، و العنبكي، 2020: 15).

## 2-2: دەوڵەتی سەلجوقی و گرتنی بەغدا

لە ڕاستیدا بنەماڵەی سەلجوقییەکان دەگەڕێتەوە سەر پیاوێك بە ناوی (سلجوق کوڕی دقاق) (ابن الاثير، 1987: 236/8). کە سەر بە هۆزی غوز بوون لە نەتەوەی تورك (الحسيني، 1933: 1-3؛ النويري، 2004: 154/26؛ عطا، د.ت: 38). سەلجوقیەکان لە ئەنجامی کۆچکردنیان لە تورکستانەوە بۆ خاکی ئیسلامی و هاوسێیەتیان لەگەڵ موسڵمانان چوونە ناو ئاینی ئیسلامەوە و مەزهەبی سوننیان وەرگرت (الحسيني، 1985: 24-25؛ ابن الطقطقي، د.ت: 292؛ ابن الوردي، 1996: 335/1).

شایەنی باسە لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان هەوڵگەلێکی بێشوماریاندا، وە توانیان لە زنجیرە شەڕ و لێکدانێکدا چەند شارێکی خۆراسان داگیر بکەن و لە ساڵی (429ك/1038ز) دەستیان بە سەر (نیسابور) ی پایتەختی خۆراسان داگرت (الراوندي، 2005: 156-158؛ ابن كثير، 1991: 43/12). کە ئەمە سەرەتای دامەزراندنی دەولەتەکەیان بوو، وە لە سەرکەوتنەکانیان بەردەوام بوون، تا لە ساڵی (431ك/1039ز) لە جەنگی (داندانقان)[2] سەرکەوتنی گەورەیان بە سەر دەوڵەتی غەزنەوی[3] بە دەست هێنا و دەسەڵاتی خۆیان فراوان و بەهێزتر کرد (البيهقي، د.ت: 663؛ الاصفهاني، 1900: 8). دوابەدوای دامەزراندنی دەوڵەت، سەلجوقییەکان بە ئاڕاستەی گرتنی بەغدا لە فراوانخوازیدا بوون، وە بە هۆی لاوازی خیلافەی عەباسی، (طغرلبك- 429- 455ك/1037- 1063ز) ی سوڵتانی سەلجوقی توانی لە ساڵی (447ك/1055ز) دەست بە سەر بەغدای پایتەختی خیلافەدا بگرێت، خەلیفەش دانی نا بە دەسەڵاتی و فەرمانی کرد ناوی لە وتاری هەینی بهێنرێ (الاصفهاني، 1900: 9-10؛ الأزدي، 1999: 428/2؛ الحسيني، 1933: 19). لێرەوە سەلجوقییەکان دەستیان بە سەر خیلافەی عەباسی داگرت، بۆیە سەردەمێك لە سەردەمەکانی ئەو خیلافەتە، کە ماوەی ساڵانی (447- 590ك/1055- 1193ز)

---

[2] داندانقان: شارێکە دەکەوێتە نێوان سەرخەس و مەرو (الحموي، 1977: 477/2).

[3] دەوڵەتی غەزنەوی: یەکێك بوو لە دەوڵەتە موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی دەرکەوت و تا کۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەهەمی زاینی بەرداوام بوو (صائغ، 2004: 2).

ی دەگرتەوە، بە سەردەمی سەلجوقی ناسرا و بوونە فەرمانڕەوای ڕاستەقینە لە وڵات، چونکە تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتیان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە (حلمي، 1975: 158-159؛ عزام، 2009: 256-257).

## 3. تەوەرەی یەکەم: ئازادی پەرستشی ئایینی و برەودان بە فیکری ئایینی- زانستی

### 3-1: ئازادی پەرستش و پەرستگا

ئەگەر هەردوو سەردەم بەراورد بکەین، لە ڕووی ئازادی پەرستشی ئایینی و بوونی پەرستگای ناموسڵمانەکان، ئەوا دەبینین تا ڕادەیەك هەردوو سەردەم لە یەکەوە نزیك بوون. بە بەڵگەی ئەوەی لە هەردوو سەردەمەکە، پەرستگا و کەنیسەی ناموسڵمانەکان بوونیان هەبووە و بە ئازادی و بێ ئاستەنگ دروستکردن، لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئەرکی ئایینی و پەرستشی خۆیان تێدا ئەنجام داوە. ئەمەش زیاتر لە وتەی ئەو نوسەر و مێژوو نووسانەدا دەردەکەوێت، کە لە هەردوو سەردەمدا ژیاون.

لەو بارەیەوە دەبینین لە سەردەمی بوەیهی، جولەکەکان ئازاد بوونە لە پەرستشە ئاینییەکانیان و چەندین پەرستگەی تایبەت بە خۆیان هەبووە و بە ئازادی بۆنە و جەژنە ئاینییەکانی خۆیان ئەنجام داوە (أبوسبت، 2018: 181-182)؛ دەربارەی مەسیحییەکانیش دەتوانین هەمان شت بڵێین، بەو پێیەی کە (شابشتي) لە خودی سەردەمەکەدا ژیاوە. باس لە چوار کەنیسە دەکات، لە شاری بەغدای پایتەختی خیلافە، کە تیایدا مەسیحییەکان بە ئازادی پەرستشی خۆیان تێدا ئەنجامداوە و دەڵێت مەسیحییەکان چوار ڕۆژ خۆشیان دەردەبڕی، لە (جەژنی ڕۆژوو گرتنی گەورە) کە جەژنێکی تایبەت بە مەسیحییەکان بوو و هەر ڕۆژە و لە یەکێك لە کەنیسەکانی (دير العاصيه، دير الزراقيه، دير الزندورد، دير الدرمالس) ئاهەنگ و خۆشیان دەگێڕا (1986: 3- 4، 14).

ئەم زانیارییانەی سەرەوە، بەڵگەی ئازادی ناموسڵمانەکانە، لە سەردەمی بوەیهی، دەربارەی پەرستشی ئایینی و بوونی پەرستگاکانیان. وە ئەگەر بێت و ئەمە بەراورد بکەین، بە سەردەمی سەلجوقی، ئەوا دەبینین لەو سەردەمەش، بە هەمان شێوە ناموسڵمانەکان ئازاد بوونە لە پەرستشەکانیان و بوونی پەرستگەکانیان، لە ناوەندی خیلافەی عەباسی. ئەمەش لە وتەکانی (تطيلي) دا دەردەکەوێت، کە لە سەردەمی سەلجوقیدا، سەردانی عێراقی کردووە و ئاماژە بە چەندان کەنیسەی جولەکەکان دەکات، کە لە ناوچە جیاوازەکانی خیلافەی عەباسیدا، بوونیان هەبووە و پەرستشی ئایینییان تێدا ئەنجام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دراوە، کە تەنیا لە بەغدای پایتەختی خیلافەدا، زیاتر لە (20) بیست کەنیسەی جولەکەکان دەژمێرێت (2002: 304). هەروەها مەسیحییەکانیش بە هەمان شێوەی سەردەمی بوەیهی، پەرستگەی تایبەت بە خۆیان هەبووە و ئازاد بوونە لە پەرستشەکانیان و ئەو جەژنانەی کە لە سەردەمی بوەیهی بەڕێوە دەچوون بە ئازادی، لە سەردەمی سەلجوقیش بەردەوامیان هەبووە، تەنانەت بووبوون بە جەژنێکی باو و زۆرجار موسڵمانەکانیش بەشداریان لەگەڵدا کردوون، کە نیشانەی ئازادی ئایینی و پەرستشەکانیان دەگەیەنێت لە سەردەمی سەلجوقی (مصطاف، 2011: 42-43). کەواتا لە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی، ئازادی دراوە بە پەرستشی ئایینی و بوونی پەرستگای ناموسڵمانەکان. بۆیە دەبینین جگە لە (مەسیحییەکان و جولەکەکان) ناموسڵمانەکانی تریش وەکو (صابیئەکان و مەجوسییەکان) لە هەردوو سەردەمدا، ئازاد بوونە لە پەرستشەکانیان و جێبەجێ کردنی واجبە ئایینیەکانیان، بەڵام لە ڕاستیدا (صابیئەکان) ژمارەیان کەم بوو، وە سەرچاوە ڕەسەنەکان تا ڕادەیەك بێدەنگن لە زانیاری بەخشین دەربارەی پەرستگەکانیان. (مەجوسییەکان) یش بوونیان کەمتر بوو لە عێراق، کە ناوەندی خیلافەی عەباسی بوو (الغزاوي، 2001: 32-33؛ حسین، 2000: 187).

جێگەی ئاماژە پێدانە، ئەگەر بەراوردێك بکەین، دەبینین لە هەردوو سەردەم، ڕێگە دراوە بە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی پەرستگا و کەنیسەی ناموسڵمانەکان و ڕێگەیان لێنەگیراوە. بۆ وێنە دەبینین لە سەردەمی بوەیهی، ڕێگە درا بە (عمانوئیل) کە (جاثلیق یا گەورەی مەسیحییەکان) بوو، بۆ نۆژەنکردنەوە و ئاوەدان کردنەوەی کەنیسەکان لە ساڵی (343ك/953-954ز) (موریس فییه، 1990: 225). وە ڕێگە درا بە (قەشە یوحەنا) بۆ نۆژەنکردنەوەی کەنیسەکان، ئەویش لە ساڵی (441ك/1049ز) بوو (ابن متي، 1896: 99). هەروەها مەسیحییەکان پەرستگاکانی (دارالروم) ی بەغدایان چاك کردەوە، کە بە دەستی تورکە بەغدادییەکان وێرانکرا بوون (ابن سلیمان، 1899: 120). ئەم ڕاستیانە مانای ئەوە دەدەن بە دەستەوە، کە ناموسڵمانەکان ئازاد بوونە، وەڕێگەیان پێدراوە بە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکانیان لە سەردەمی بوەیهی. وە ئەگەر بێین، ئەمە بەراورد بکەین، بە سەردەمی سەلجوقی، ئەوا دەبینین لەو سەردەمەش، ناموسڵمانەکان ئازاد بوونە، لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکانیان و ڕێگەیان لێنەگیراوە. هەربۆیە دەبینین ناموسڵمانەکان ئەو پەرستگایانەیان ئاوەدانکردەوە، کە بە هۆی نا ئارامیەکانی سەردەمی بزوتنەوەکەی (البساسیري) وێران بووبوون (ابن سلیمان، 1899: 122). هەروەها (جاثلیق عبدیشوع بن المقلي) ژمارەیەك بینای

تایبەتی نۆژەن و ئاوەدانکردەوە وەك (دارالروم) (ابن سليمان، 1899: 158؛ ابن متي، 1896: 106). وە ( جاثليق إليها الثالث) بیناى پەرستگاى (مارماری الرسول) لە (دير قني) نزيك بەغدا دروستكرد و بیناى پەرستگایەكی تری لە (دارالروم) نۆژەنكردەوە، دواى ئەوەى كە دەستيان بە سەردا گرتبوو و وێرانيان كرد بوو (ابن متي، 1896: 110-111). هەموو ئەم زانياريانە، بەڵگەى ئازادى ناموسڵمانەكانن، بە بەراورد لە هەردوو سەردەم، لە ڕووى بوونی پەرستگا و دروستكردن و نۆژەنكردنەوەيان بە ئازادى. لێرەدا پێويستە ئاماژە بەوە بكەين، كە هەرچەندە لە هەردوو سەردەم، ئازادى دراوە بە ناموسڵمانەكان، لە ڕووى پەرستشى ئايينى و دروستكردن و نۆژەنكردنەوەى پەرستگا، وەكو ئاماژەمان پێكرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبينين كە جياوازيش هەبووە، ئەم جياوازيەش دەگەڕايەوە بۆ جياوازى خودى دەسەڵاتى بوەيهى و سەلجوقى، لە مامەڵە كردنياندا لەگەڵ ناموسڵمانەكان، لە ڕووى پەرستشى ئايينى و پەرستگاكانيان. چونكە وەكو دەبينرێت بوەيهييەكان كراوەتر بوون و لە مامەڵەكردنياندا لەگەڵ ناموسڵمانەكان باشتر بوون، بەراورد بە سەلجوقييەكان، وە يارمەتى و هاوكاريان كردوون. هەربۆيە دەبينين جگە لەوەى ناموسڵمانەكان، ئازاد بوون لە پەرستشەكانيان و نۆژەنكردنەوەى پەرستگاكانيان و دروستكردنى لە سەردەمى بوەيهى، ئەوا وەكو بۆمان دەردەكەوتووە، خودى بوەيهييەكان خۆشيان فەرمانيان كردووە، بە دروستكردن و نۆژەنكردنەوەى پەرستگا، بۆ ناموسڵمانەكان. ئەمەش لەو فەرمانەدا، بە دەردەكەوێت، كە (عضد الدوله- 338- 372ك/949- 982ز) ى بوەيهى، وەزيرەكەى بە نێوى (نصر بن هارون) ڕادەسپێرێ بە دروستكردنى كەنيسە بۆ مەسيحييەكان و پێشكەشكردنى هاوكارى و يارمەتيان (مسكويه، 2003: 449/5؛ النويري، 2004: 125/26؛ ابن كثير، 1991: 295/11).

كەواتا بوەيهييەكان لەگەڵ ئەوەى ئازادييان داوە بە ناموسڵمانەكان، لە دروستكردن و نۆژەنكردنەوەى پەرستگا، ئەوا خودى خۆشيان، يارمەتى و هاوكاريان پێشكەش كردوون. لە دروستكردنى پەرستگەكانيان. لە كاتێكدا بەراورد بە سەردەمى سەلجوقى، جگە لەوەى ناكەوێتە پێش چاومان، سوڵتانێكى سەلجوقى، هاوكارى و يارمەتى پێشكەشى ناموسڵمانەكان كردبێت يا لە ڕووى دروستكردن و نۆژەنكردنەوەى پەرستگەوە يارمەتى دابێتن. ئەوا زۆرجار هەڵيان كوتاوەتە سەر پەرستگەكانيشيان و تاڵانيان كردوون. ئەوەتا دەبينين لە ساڵى (447ك/1055ز) كاتێ سەلجوقييەكان دەست بە سەر بەغدا دادەگرن، هێرش دەكەنە سەر ئازادى ئايينى ناموسڵمانەكان و (دارالروم) ى مەسيحييەكان تاڵان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکەن، تا ئەو ڕادەیەی (جاثلیق) ی مەسیحییەکان ڕا دەکات و پەرستگەکە بە جێ دەهێڵێت (ابن سليمان، 1899: 120؛ ابن متي، 1896: 100).

هێرشکردنە سەر ئازادی پەرستشی ئایینی و پەرستگەی ناموسڵمانەکان، لە لایەن سەلجوقیەکانەوە، هەر ئەمجارە نەبوو، بەڵکو دەبینین هێرشی تریشیان ئەنجامداوە، بۆ سەر ناموسڵمانەکان. بۆیە دەبینین لە ساڵی (449ك/1057ز) جارێکی تر، هێرش دەکەنەوە سەر ناموسڵمانەکان. ئەمیش دوای ئەوە هات، کە سوڵتان (طغرلبك) بە سوپایەکەوە بەرەو دورگەی فوراتیە (الجزيرة الفراتية) بەرێکەوت، بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر (میافارقین) بۆیە بەشێکی سوپاکەی، هێرش دەکەنە سەر پەرستگەیەکی مەسیحییەکان، کە ژمارەیەکی زۆر ڕاهیب و پیاوانی ئاینی مەسیحی تێدا بوو، کە وەك باس دەکرێ، ژمارەیەکی زۆریان لێدەکوژرێ و ئەوانی تریش بە پارە خۆیان ڕزگار دەکەن و خۆیان کڕیوەتەوە بە پێدانی زێڕ و زیو بە سەربازەکان (سبط ابن الجوزي، 2013: 16/19). کەواتا هەرچەندە لە هەردوو سەردەم، ئازادی دراوە بە ناموسڵمانەکان، لە ڕووی پەرستشی ئایینی و بوونی پەرستگەکانیان، بەڵام جیاوازیش هەبووە لە نێوانیاندا. چونکە وەکو ئاماژەمان پێکرد، بوەیهییەکان کراوەتر و باشتر بوون بەرامبەر ناموسڵمانەکان. بە پێچەوانەوە سەلجوقییەکان توند و تیژتر و شەڕانی تر بوون، وە دەمارگیری سیاسی و ئایینییان زیاتر بوو، بەراورد بە بوەیهییەکان.

هەر دەربارەی جیاوازی دوو سەردەمەکە، تایبەت بە ئازادی پەرستش و بوونی پەرستگای ناموسڵمانەکان، دەبینین لە سەردەمی سەلجوقی و لە ساڵی (573ك/1177ز) لە ئەنجامی دروستبوونی کێشەیەك لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان لە (المدائن) فەرماندرا بە داخستنی پەرستگەی جولەکەکان و کردنی پەرستگاکانیان بە مزگەوت (ابن الجوزي، 1992: 242/18؛ ابن الاثير، 2003: 89/10). کە لە ڕاستیدا ئەمەش بە مانای بەرتەسککردنەوەی ئازادی ناموسڵمانەکان دێت، لە بارەی پەرستشە ئایینییەکانیان و پەرستگەکانیان. بەڵام ناتوانین لێرەدا، هۆکاری ئەم بڕیارە بگەڕێنینەوە، بۆ دەسەڵاتی سەلجوقیەکان، چونکە لەو کاتەدا، دەسەڵاتی سەلجوقی تەنها بەناو بوونی ما بوو لە خیلافە و کاریگەریان بە تەواوی لاواز بووبوو، بەڵکو دەرکردنی ئەم بڕیارە، لە لایەن خودی خەلیفەی عەباسیەوە بوو. کەواتا وەك ئەوەی ڕوونکرایەوە، سەرەڕای هاوشێوەیی هەردوو سەردەمەکە، دەربارەی ئازادی پەرستش و پەرستگەی ناموسڵمانەکان، جیاوازیش هەبووە لە نێوانیاندا.

**2-3: برەودان بە فیکری ئاینی- زانستی**

لە ڕاستیدا ئەگەر بێین باس لە ئازادی ناموسڵمانەکان بکەین، لە خیلافەی عەباسی، لە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی. لە ڕووی برەودانیان بە فیکری ئایینی و زانستی خۆیان، وە ئەگەر هەردوو سەردەم بەراورد بکەین، ئەوا دەبینین لە هەردوو سەردەم، ئازادی دراوە بە ناموسڵمانەکان کە برەو بە فیکری ئایینی و زانستی خۆیان بدەن، چونکە هیچ بەڵگەیەکی مێژووییمان لە بەر دەستدا نیە، کە باس لە ڕێگریکردن و ئاستەنگ دروستکردن بکات، لە بەر دەم ناموسڵمانەکان، تا برەو بە فیکری ئایینی و زانستی خۆیان نەدەن، لە هەردوو سەردەم.

ئێمە بە خوێندنەوەمان لەو بابەتە، بۆمان دەردەکەوێت، لە هەردوو سەردەمدا، ناموسڵمانەکان بەتایبەت مەسیحییەکان و جولەکەکان، کە ڕێژەیەکی زیاتریان پێکدەهێنا و سەرچاوەکان لە بارەیانەوە نووسیویانە، بەردەوام بوونە، لە برەودان و خزمەتکردنی فیکری ئایینی خۆیان و پێشخستنی زانستی تاکەکانیان، هەم لە ڕووی ئایینی و هەمیش لە ڕووی زانستی دونیایی، ئەمیش لە ڕێگەی قوتابخانە ئایینییەکانیانەوە بوو. وە ئەگەر بەراوردی بکەین، دەبینین ژمارەیەك قوتابخانەی ناموسڵمانەکان، لە هەردوو سەردەمدا، بوونیان هەبووە، کە زیاتر لە دێر و کەنیسە و پەرستگاکانیاندا هەڵکەوتوون. سەبارەت بە قوتابخانە ئایینییەکانی مەسیحییەکان، پێیان دەوترا (أسکول) کە بە پێی گێڕانەوەی مێژوونووسان، بۆمان دەردەکەوێت، ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابخانانە، لە ناوەندی خیلافە، لە هەردوو سەردەمدا بوونیان هەبووە. لە گرنگترین ئەو قوتابخانانەش (أسکول المارماري الرسول) ە، کە دەکەوێتە دێری (مارماري) و ناسراوە بە (دیر قني). جێگەی ئاماژە پێدانە، زۆرێك لە پیاوانی ئاینی مەسیحی لەو قوتابخانەیەدا، دەرچوون و تەنانەت هەندێکیان پلەیان بەرز بووەتەوە، بۆ پۆستی گەورەی کەنیسەکان و بوون بە (جاثلیق و گەورەی مەسیحییەکان) (ابن سلیمان، 1899: 117؛ ابن متي، 1896: 97). جگە لەمە قوتابخانەی تریش هەبوون، کە برەویان بە فیکری ئایینی و زانستی مەسیحییەکان دەدا، وەکو قوتابخانەی (أسکول الدیر) کە دەکەوتە موسڵ (ابن سلیمان، 1899: 99).

لە ڕاستیدا بە تێڕوانین و بەراورد کردنمان بۆ بابەتەکە، وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، دەبینین ئەو قوتابخانانە، لە هەردوو سەردەمدا هەبوونە و ئازاد بوونە، لە برەودان بە فیکری ئایینی و زانستی مەسیحیەکان. بەو پێیەی کە ژمارەیەك (جاثلیق و پیاوانی ئاینی مەسیحی) لەو قوتابخانانە خوێندوویانە و دەرچوون و بوون بە (جاثلیق)، کە لە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقیدا ژیاون. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، ناموسڵمانەکان لە هەردوو سەردەمدا، ئازاد بوونە، لە برەودان بە فیکری ئایینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و زانستی خۆیان. لەو بارەیەوە دەبینین (جاثلیق عبد أیشوع) یەکێك بووە لە دەرچووانی قوتابخانەی (أسکول الدیر) (ابن سلیمان، 1899: 99). هەروەها (جاثلیق أیشوعیاب) مامۆستا و دەرچووی قوتابخانەی (مارماری الرسول) بووە و یەکێك بووە، لە مامۆستا و پیاوە گەورەکانی مەسیحی، لە سەردەمی بوەیهی (ابن سلیمان، 1899: 117؛ ابن متي، 1896: 97). ئەمەش بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی، دەبینین بە هەمان شێوە، لەو سەردەمەش، قوتابخانەکان بەردەوام بوونە، لە برەودان بە فیکری ئایینی و زانستی. بە بەڵگەی ئەوەی ژمارەیەك لە پیاوانی ئایینی مەسیحی لەو قوتابخانانە خوێندوویانە و بوون بە مامۆستا و ئازاد بوونە لە برەودانیان بە فیکری ئاینەکەیان، لە سەردەمی سەلجوقی بە هەمان شێوەی سەردەمی بوەیهی، وەکو (جاثلیق سبریشوع زنبور) و (جاثلیق مکیخا) کە لە قوتابخانەی (مارماري الرسول) خوێندوویانە و بوون بە مامۆستا و پلەی (جاثلیق) یان وەرگرتووە (ابن سلیمان، 1899: 137؛ ابن متي، 1896: 100).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، لە هەردوو سەردەم، مەسیحییەکان ئازاد بوونە لە برەودان بە فیکری ئاینی و زانستی، بێ جیاوازی و بێ ڕێگە گرتن لە لایەن دەسەڵاتی بوەیهی و سەلجوقییەوە. کە لەم قوتابخانە مەسیحییانەدا، زانستی جۆراوجۆر دەوترایەوە. بۆ وێنە لە قوتابخانەی (مارماري) زمانەکانی عەرەبی و سریانی و یۆنانی دەخوێنران، جگە لە زانست و هونەری جۆراوجۆری وەك ڕێزمان و لۆژیك و شیعر و ئەندازیاری و مۆسیقا و فەلەکناسی و پزیشکی و فەلسەفە و لە سەروو هەمووشیانەوە زانستی ئایینی (الشابشتي، 1986: 395).

جگە لە مەسیحییەکان ناموسڵمانەکانی تریش، وەکو جولەکەکان ئازاد بوونە، لە برەودان بە فیکری ئایینی و زانستی، بە هەمان شێوەی مەسیحییەکان، لە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی. لەوبارەیەوە دەبینین کاتێك جولەکەکان، لە فەلەستینەوە کۆچ دەکەن بۆ عێراق، چەند قوتابخانەیەك دادەمەزرێنن بە مەبەستی شیکردنەوەی دەقەکانی تەوڕات و خوێندنی زانستی گشتی (الغزاوي، 2001: 83). بۆ وێنە دەبینین لە سەردەمی بوەیهی و دروست لە سەردەمی میر (عضد الدوله) ئاماژە بە (10) دە قوتابخانەی جولەکەکان دەکرێت، کە تیایدا بە ئازادی برەویان بە فیکری ئاینی خۆیان داوە و لە لایەن بوەیهییەکانەوە ڕێگەیان لێنەگیراوە و ئاستەنگیان بۆ دروست نەکراوە (رحمة الله، 1970: 34؛ الزواهرة، 2011: 128).

شایەنی باسە لە قوتابخانانەكانیاندا، جولەكەكان زانستە ئایینییەكانیان بە فێرخوازان و قوتابیەكانیان دەوتەوە بە ئازادی. كە خوێندنی شەریعەت گرنگییەكی تایبەتی هەبوو، لای پیاوانی ئایینی جولەكە. وە پێیان وابوو ئەركێكە لە سەر مرۆڤ بۆ خوێندنی، چ بە زارەكی بێت چ بە نوسراو. هەروەها خوێندنی تەوراتیان لا گرنگتر بوو، لە دروستكردنی پەرستگا و خوێندن و لێكۆڵینەوە لە زانستەكانی تر، وەكو فەلسەفەی یۆنانی و زانستە دونیاییەكانیان بە ڕەوا نە دەزانی (دیورانت، د.ت: 17/14). جێگەی ئاماژە پێدانە فێرخوازانی جولەكەكان، بە ئازادی بۆ ماوەی (7) حەفت ساڵ، ڕۆژانە (7) حەفت كاتژمێر (تەورات و تەلمود) یان دەخوێند، یەكێكیان كتێبی دەخوێندەوە و لەبەری دەكرد، پاشان لەگەڵ ماموستاكەیی و هاوڕێكانی تری، باسی دەكرد و موناقەشە و گفتوگۆیان دەكرد (دیورانت، د.ت: 39/14).

لە ڕاستیدا بوونی قوتابخانەی جولەكەكان، لە سەردەمی بوەیهی و ئازادیان لە برەودان بە فیكری ئایینی خۆیان و فێركردنی فێرخوازان و ئاشناكردنی نەوەكانیان بە ئاینەكەیان، بە ئازادی و ئاشكرا و ڕێگە لێنەگرتنیان لە لایەن میرانی بوەیهییەوە، بەڵگەی ئازادی جولەكەكانە لەو سەردەمە، لە ژێر سایەی بوەیهیەكاندا. ئەمەش بەراورد بە سەردەمی سەلجوقییەكان دەبینین هاوشێوەیە، چونكە ئەو قوتابخانانە، لە سەردەمی سەلجوقیش بەردەوام بوونە، لە برەودان بە فیكری ئایینی، بە ئازادی و بێ ڕێگە لێگرتنیان لە لایەن سەلجوقییەكانەوە، وەكو ئەوەی كە (تطيلي) باس لە جولەكەكان دەكات، لە سەردەمی سەلجوقی و تیایدا ئاماژە بە (10) دە قوتابخانەی جولەكەكان دەكات، لە ناوەندی خیلافەی عەباسی، كە بوونیان هەبووە و گەورەترین و گرنگترینیشیان قوتابخانەی (غاؤون يعقوب) ە، كە لە لایەن (المثيبة) وە، سەرۆكایەتی دەكرا. هەروەها باس لە ژمارەیەكی زۆر لە جولەكەكان دەكات، كە لە بەغدای پایتەختی خیلافەدا دەژین و لە نێویشیاندا ژمارەیەك زانای دینی گەورە هەن (2002: 299). ئەو وتانەی (تطيلي) ئاماژەیەكی ڕوونە، بۆ ئازادی جولەكەكان، لە برەودان بە فیكری ئایینی ، لە سەردەمی سەلجوقی، بە هەمان شێوەی سەردەمی بوەیهی بە بەراورد. كە تیایدا ڕۆڵی ئەم قوتابخانانە، دەردەبڕێت لەو سەردەمەدا و دەڵێت مامۆستاكانیان بە (المعتكفين) ناسراون و هیچ كارێكیان نیە، جگە لە بەرژەوەندی نەوەكانی بنەماڵەكانیان و هەموو ڕۆژەكانی هەفتە، لە نێو خەڵكدا بە سەر دەبەن. كە هەر یەكەیان لە قوتابخانەیەكدا خزمەت دەكەن و ڕۆژانی دووشەممەش لە ئەنجومەنی سەرۆكەكەیاندا، كۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی بە یەكەوە ئاگایان لە كاروباری خەڵك بێت (2002: 300).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموو ئەم زانیاریانە بەڵگەن لە سەر ئازادی ناموسڵمانەکان لە برەودان بە فیکری ئایینی و زانستی خۆیان، لە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی. بەو پێیەی لە هیچ کام لەو دوو سەردەمە، ڕێگەیان لێنەگیراوە و ئازادیان لێزەوت نەکراوە، لە ڕووی برەودان، بە فیکری ئایینی و زانستییەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە هەر ئەم ئازادی برەودانەش بوو، وایکرد بوو ناموسڵمانەکان جگە لە زانا و پێشەوای ئایینی، چەندەها زانا و پزیشکی بە تواناشیان لێهەڵکەوێت، لە هەردوو سەردەم، کە بەڵگەی ئازادی ناموسڵمانەکان دەسەلمێنێ، لە ڕووی برەودان بە فیکری ئایینی و زانستی، لە هەردوو سەردەمەکە. بەڵام ئەوەی تیبینی دەکرێ لێرەدا، ئەوەیە کە هەرچەندە لە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی ناموسڵمانەکان ئازاد بوونە، لە برەودان بە فیکری ئایینی و زانستی، بەڵام بە تێڕوانینمان لە بارودۆخەکە و بەراورد کردنمان بۆ هەردوو سەردەمەکە، بۆمان دەردەکەوێت کە بوەیهییەکان زیاتر نزیك بوون لە زانا و پزیشکە ناموسڵمانەکان، بەراورد بە سەلجوقییەکان. کە لە ڕاستیدا ئەمەش جگە لە کراوەیی زیاتری بوەیهییەکان، بەرامبەر ناموسڵمانەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە خۆیدا بوەیهییەکان زیاتر خوازیاری زانست بوون، بەراورد بە سەلجوقییەکان، کە زیاتر توند و تیژ و شەڕانی بوون. بۆیە دەبینین لە سەردەمی بوەیهی چەندەها زانا و پزیشکی ناموسڵمان دەردەکەوێ، کە هەندێکیان زۆر نزیك بوون لە بوەیهییەکان و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ میرە بوەیهیەکان هەبوو. ئەمەش لەوەدا بە دەردەکەوێت، کە کاتێ نەخۆشخانەی (عضدي) لە لایەن (عضد الدوله) ی میری بوەیهیەوە، دێتە دروستکردن. دەبینین چەندین زانا و پزیشکی ناموسڵمان، ڕۆڵی گەورەیان بینیوە، لە پێشکەوتنی ئەم نەخۆشخانەیە و تەنانەت کەسێکی ناموسڵمان بە نێوی (جبرائیل بن بختشیوع) کە مەسیحی بوو، لە لایەن میری بوەیهییەوە، دەکرێتە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە (القفطي، 1903: 106-102؛ ابن كثير، 1991: 11/299-300؛ الزواهرة، 2011: 134-139).

جێگەی ئاماژە پێدانە نمونەی زیاترمان هەیە، کە بەڵگەی نزیکی زیاتری بوەیهییەکان، لە زانا و ئەدیب و نوسەرە ناموسڵمانەکان دەگەیەنێت، بەراورد بە سەلجوقییەکان. هەربۆیە دەبینین (أبوإسحاق الصابي) کە نوسەر و مێژوو نووسێکی ناموسڵمان بوو، زۆر نزیك بوو، لە میرانی بوەیهی، تا ئەو ڕادەیەی، کتێبێکیان بۆ دەنووسێت بە نێوی (التاجي) کە باس لە ڕەچەڵەك و بنەماڵەی بوەیهی دەکات (التنوخي، 1995: 3/169؛ التوحيدي، 1998: 36-37؛ ابن الجوزي، 1992: 14/294). هەروەها پزیشك و فەیلەسوفی مەسیحی، بە نێوی (عبدالله بن الطيب) زانایەکی تری ناموسڵمان بووە، لە

سەردەمی بوەیهی، کە پیشەسازی دەرمانی لە نەخۆشخانەی (عضدي) خوێندووە و لەوێ چارەسەری نەخۆشەکانی کردووە و بە توانا بووە، لە جۆرەکانی تری زانست و فەلسەفە و مەنتق و ئاگاداری کتێبە دێرینەکان بووە (ابن أبی أصیبعة، د.ت: 323). وە (أبو الخیر بن أبی الفرج) پزیشکێکی تری ناموسڵمان بوو لە بەغدا، لە سەردەمی بوەیهی (القفطي، 1903: 407).

ئەمانە و چەندانی تر لە سەردەمی بوەیهی، بە ئازادی برەویان بە فیکری ئایینی و زانستی خۆیان داوە. وە ئەگەر بێت و بەراوردی بکەین بە سەردەمی سەلجوقی، دەبینین بە هەمانشێوە لەو سەردەمەش، بە دەیان زانا و فەیلەسوف و پزیشکی ناموسڵمان بوونیان هەبووە و ئازاد بوونە و کەڵکیان لێوەرگیراوە، لە ڕووی زانستییەوە. بەڵام ئەوەی جیاوازە، بەراورد بە سەردەمی بوەیهی، ئەوەیە کە ئەو نزیکی و پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی، لە نێوان میرە بوەیهیەکان و زانا ناموسڵمانەکان هەبوو، لە نێوان سوڵتانە سەلجوقییەکان و زانا ناموسڵمانەکان نە دەبینرا بەو شێوەیە. ئەگینا وەکو بوونی زانای ناموسڵمان، لە سەردەمی سەلجوقیش وڵات پڕ بوو لە زانا و فەیلەسوف و پزیشکی ناموسڵمان، کە ئازاد بوونە، لە برەودان بە فیکری ئایینی و زانستی و خزمەتکردن و چارەسەرکردنی خەڵك و ڕێگەیان لێنەگیراوە. وەکو (الطیب یحیی بن عیسی بن علي بن جزلة) کە پزیشکێکی بە توانا بووە لە سەردەمی سەلجوقی (القفطي، 1903: 365). هەروەها (أبو الحسن سعید بن هبة الله بن الحسین) پزیشکێکی تری بە توانا بوو، لە سەردەمی سەلجوقی و خزمەتی خەلیفە (المقتدي بامرالله 467-487ك/1075- 1094ز) ی کردووە. هەروەها بەرپرسی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بووە، لە نەخۆشخانەی (عضدي). وە چەندین کتێبی لە بواری پزیشکی و مەنتق و فەلسەفە و چەندان بواری تردا نوسیوە. بۆ وێنە کتێبێکی بە نێوی (المغني) دەنوسێت و پێشکەشی خەلیفە (المقتدي بامرالله) کردووە (ابن أبی أصیبعة، د.ت: 342-343). کەواتا لە سەردەمی سەلجوقیش، بە هەمان شێوەی سەردەمی بوەیهی، زانا ناموسڵمانەکان ئازاد بوونە، لە برەودان بەفیکری ئایینی و زانستی و تەنانەت سودی زۆریشیان لێوەرگیراوە.

لەگەڵ ئەوەی ئێمە باسمان لەوە کرد، کە سەلجوقییەکان نزیکایەتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان کەمتر بوو، لەگەڵ زانا ناموسڵمانەکان، بەراورد بە میرە بوەیهییەکان، کە نزیکایەتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان زیاتر بوو، لەگەڵ زانا ناموسڵمانەکان. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نایەت، کە سەلجوقییەکان هیچ نزیکایەتی و پەیوەندییەکیان، لەگەڵ زانا ناموسڵمانەکان نەبووە. ئەوەتا دەبینین (أوحد الزمان هبة الله بن علي بن ملکا أبو البرکات البلدي) کە زانا و پزیشکێکی جولەکە بوو، یا زانست خوازێکی ناموسڵمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوو، لە شاری بەغدا (ابن أبی أصیبعة، د.ت: 374). ئەو پزیشکە، جگە لەوەی خزمەتی خەلیفە (المستنجد بالله- 555- 566ك/1160- 1170ز) کردووە، لە سەلجوقییەکانیش زۆر نزیك بووە، ئەمەش لەوەدا بە دەردەکەوێت، کە کاتێك سوڵتانێکی سەلجوقی نەخۆش دەکەوێت، بە دوای ئەو پزیشکەدا دەنێرێت، بۆیە ناوبراو لە بەغداوە دەچێت بۆ لای و تا چاکبوونەوەی بە تەواوی، لە لای سوڵتان دەمێنێتەوە. لە بەرامبەردا سوڵتانیش دیارییەکی گەورەی پێدەبەخشێت و ئینجا دەگەڕێتەوە عێراق (ابن العبري، 1994: 364-365). هەروەها یەك لەو بەڵگانەی تر، کە سەلمێنەری نزیکی ئەو زانا جولەکەیەن لە سەلجوقییەکان. نوسینی بابەتێکە لە سەر (دەرکەوتنی ئەستێرەکان لە شەودا و دیار نەمانیان لە ڕۆژدا) کە ئەمەشی بۆ سوڵتان (محمد بن ملکشاه -548-554ك/1153-1159ز) ی سەلجوقی نوسیوە (ابن أبی أصیبعة، د.ت: 376). کەواتا سەلجوقییەکانیش نزیکایەتییان هەبووە، لەگەڵ زانا ناموسڵمانەکان، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر بەراورد بە بوەیهییەکان، ئەمەش دەگەڕایەوە، بۆ کراوەیی و زانستی بوونی زیاتری بوەیهییەکان، بەراورد بە سەلجوقیەکان، کە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە وەکو ڕوونمان کردەوە هاوشێوەیی لە هەردوو سەردەمەکەدا بەدی دەکرێ، لەوەی کە ناموسڵمانەکان ئازاد بوونە، لە برەودان بە فیکری ئایینی و زانستی. بەڵام لەگەل ئەوەشدا، جیاوازیش هەبووە، لە نێوان هەردوو سەردەمەکە، بەو پێیەی کە بوەیهییەکان نزیکتر بوون لە زانا ناموسڵمانەکان، بەراورد بە سەلجوقییەکان.

## 4. تەوەرەی دووەم: سەپاندنی جیاکاری ئایینی- کۆمەڵایەتی و کێشە و ململانێکانیان لەگەڵ موسڵمانان

### 1-4: سەپاندنی جیاکاری ئایینی- کۆمەڵایەتی

لە ڕاستیدا جیاکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی، چەند مەرج و بڕیارێك بوو، لە لایەن فوقەهاکان و زانا موسڵمانەکانەوە، دەرچوو بوو بۆ ناموسڵمانەکان. کە خۆی لە چەند بڕیار و پێو دانگێك دەبینییەوە، لەوانە جیاوازیان لە پۆشینی جلوبەرگێکی تایبەت، تا بناسرێنەوە و جیاواز بن لەگەڵ موسڵمانەکان و تێکەڵ نەبن. هەروەها نە خواردنەوەی شەراب و خواردنەوە کحولیەکان بە ئاشکرا و دەرنەخستنی خاچ و دروشمە ئایینییەکانیان و بە ئاشکرا دەرنەبڕینی پرسە و ماتەمینی، بۆ مردووەکانیان و .... هتد

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(الماوردي، 1989: 185). بەڵام هەر وەکو (الماوردي) باسی لێوە دەکات، ئەو مەرج و پابەندییانە، بۆ ناموسڵمانەکان، هەمیشە جێبەجێ نە دەکرا، تەنها کاتێك کە ئیمام یا خەلیفە واجبی کرد بێت لە سەریان (1989: 185).

بۆیە ئەگەر لێرەدا بەراوردێك بکەین، بۆ ئەو جیاکاری و جیاوازییە ئاینی و کۆمەڵایەتیانەی، کە بە سەر ناموسڵمانەکاندا دەسەپێنرا، لە هەردوو سەردەم، ئەوا دەبینین جیاواز بوو، بەو پێیەی لە سەردەمی بوەیهی، کەمتر دەسەپێنرا، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی، کە بە شێوەیەکی زیاتر بە سەریاندا دەسەپێنرا. لە ڕاستیدا هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کە بوەیهییەکان، بە تەواوی دەستیان بە سەر خەلیفەکاندا گرتبوو، بەو مانایەی خەلیفە نەیدەتوانی هیچ بڕیارێك دەربکات و هەموو دەسەلاتێك، لە ژێر دەستی بوەیهییەکاندا بوو. کە ئەوانیش لە مامەڵە کردنیاندا لەگەڵ ناموسڵمانەکان کراوەتر و لێبوردەتر بوون بەراورد بە سەلجوقییەکان، کە توند و تیژتر و نا لێبوردەتر بوون، بەرامبەر ناموسڵمانەکان و زیاتر پابەند بوون، بە ئایینی ئیسلام و مەرج و پێودانگەکانی.

جێی ئاماژە پێدانە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانە، لە سەردەمی بوەیهی، چەند جارێکی کەم، ئەو جیاوازی و جیاکارییانە بە سەر ناموسڵمانەکاندا سەپێنرا. ئەمیش لە کۆتایی سەردەمەکەدا بوو، وە دەسەلاتیان بەرەو لاوازی چووبوو لە خیلافەت. لەو بارەیەوە دەبینین لە ساڵی (403ك/1012ز) خەلیفەی عەباسی (القادر بالله- 381- 422ك/991- 1031ز) بڕیاریدا بە سەپاندنی جیاکاری و پۆشینی جلوبەرگێکی جیاواز و تایبەت بە سەر ناموسڵمانەکاندا. ئەمەش بەهۆی گێڕانی پرسەی ئافرەتێکی مەسیحی بوو، لە ڕۆژدا و بە ئاشکرا، کە بووە هۆی ئاژاوە و ناکۆکی لە نێوان موسڵمانان و ناموسڵمانەکان، وە بارودۆخەکە ئارام و هێمن نە بووەوە، تا ئەو کاتەی خەلیفە، ئەو بڕیاری سەپاندنی جیاکارییەی، لە دژی ناموسڵمانەکان دەرکرد (ابن الجوزي، 1992: 15/91-92؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 18/213). هەروەها جارێکی تر لە ساڵی (429ك/1037ز) لە سەردەمی خەلیفە (القائم بامرالله- 422- 467ك/1031- 1071ز) بڕیارێکی تر دەرچوو، لە سەپاندنی جیاکاری جلوبەرگ، بە سەر ناموسڵمانەکاندا. ئەمیش بە هۆی ئەوەوە بوو، کە ناموسڵمانەکان نەرمی نواندنی بوەیهییەکانیان قۆستبووەوە و لاسایی موسڵمانانیان دەکردەوە، لە پۆشینی جلوبەرگ، بۆیە خەلیفە بڕیاریدا، جلوبەرگێکی جیاواز و تایبەت بپۆشن، کە بە هۆیەوە دەناسرێنەوە (ابن الجوزي، 1992: 15/264؛ سبط ابن الجوزي، 2013: 18/424؛ ابن كثير، 1991: 12/43).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پاییزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شایەنی باسە ئەو سەپاندنە جیاکارییانە، لە سەردەمی بوەیهی، جگە لەوەی کەمتر دەردەچوون، ئەوا ماوەیەکی کەمیشیان دەخایاند، کە لەگەڵ تەواو بوونی ناکۆکیەکان، سەپاندنەکانیش هەڵدەگیران (الغزاوي، 2001: 38). کە ئەمەش جیاواز بوو، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی، لە ڕووی ژمارەی بڕیاری سەپاندنەکان و ماوەی سەپاندنەکان لە ڕووی کاتەوە. هەربۆیە کاتێك سەردەمی بوەیهی، کۆتایی دێت و سەردەمی سەلجوقی دەست پێدەکات، بارودۆخەکە جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێت، لە ڕووی سەپاندنی جیاکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی، بە سەر ناموسڵمانەکاندا. چونکە هەروەکو باسمانکرد، سەلجوقییەکان بە پێچەوانەی بوەیهیەکان، لە مامەڵەکردنیاندا توند و تیژتر بوون، بەرامبەر ناموسڵمانەکان. لە هەمان کاتدا بە هۆی هاومەزهەبیان لەگەڵ خیلافەی عەباسی و پابەندییان بە ئاینی ئیسلامەوە، خەلیفەکانیش تا ڕادەیەك دەسەڵاتی ئایینییان بۆ گەڕایەوە، بۆیە فەرمانی سەپاندنە جیاکارییەکان، بە سەر ناموسڵمانەکان، لە لایەن خەلیفەکانی سەردەمی سەلجوقییەوە، زیاتر دەبینرێ، بەراورد بە سەردەمی بوەیهی.

لەو بارەیەوە دەبینین تەنها دوای ساڵێك لە دەستگرتنی سەلجوقییەکان، بە سەر بەغدای پایتەختی خیلافە، خەلیفە (القائم بامرالله) بڕیار دەدات بە سەپاندنی جیاکاری جلوبەرگ، بە سەر ناموسڵمانەکاندا، ئەگەرچی ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکرا. ئەمیش بە هۆی ڕێگریکردنی هاوسەری خەلیفە (القائم) بوو، کە فەرمانی بە (المحتسب) ی جێبەجێکاری ئەو فەرمانە کرد، فەرمانەکە ڕابگرێت، لە ژێر سکاڵا و کاریگەری نوسەرەکەی، کە کەسێکی جولەکە بوو (ابن الجوزي، 1992: 306/16). هەروەها لە سەردەمی خەلیفە (المقتدی) چەند بڕیارێك لە دژی ناموسڵمانەکان دەرچوو، کە فەرمان درا، دەرگای ماڵەکانیان دابخرێن، کە ڕوویان لە مزگەوتەکان بوو. وە فەرمانیان پێکرا، لە کاتی خوێندنەوەی کتێبە ئاینییەکانیان لە ماڵە کانیاندا، دەنگیان بەرز نەبێت، تاوەکو دەنگیان دەرنەچێت و موسڵمانان هەراسان نەکەن (ابن الجوزي، 1992: 242-243/16).

شایەنی باسە وەکو ئاماژەمان پێدا، سەپاندنی جیاکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی، لە سەردەمی سەلجوقی، زیاتر هەستی پێدەکرا و جگە لە بەغدا کە ناوەندی خیلافە بوو، زۆر جار لە ناوچەکانی تریش پەیڕەو دەکرا. هەربۆیە دەبینین کاتێ سکاڵا کرا، کە ناموسڵمانەکانی سەر ڕێگای خۆراسان، پابەند نین بە جیاکارییەکانەوە، ئەوا خەلیفە فەرمانی پێکردن، کە پابەند بن پێیانەوە (ابن الجوزي، 1992: 270-271/16). لە ڕاستیدا هەر لە سەردەمی سەلجوقی و دروست لە ساڵی (484ك/1091ز)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵمەتی جیاکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و پۆشینی جلوبەرگی جیاواز و تایبەت، گەیشتە لوتکە. ئەویش دوای ئەوە هات، کە وەزیر (أبو شجاع) فەرمانێکی لە خەلیفە (المقتدی) وەرگرت، کە ناموسڵمانەکانی پابەند دەکرد، بە بەستنی پشتێند و ملوانکەیەك کە لە سەری نوسرا بوو (الذمي) (ابن الجوزي، 1992: 292/16).

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئەو جەخت کردنەوە و توندییە لە واجبکردنی ناموسڵمانەکان، بە جیاکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی، لە سەردەمی سەلجوقی، بە پێچەوانەی سەردەمی بوەیهی، گەیشتە ڕادەیەك، کە وایکرد بوو، هەندێك لە ناموسڵمانەکان، هەڵبێن لە وڵات و واز لە کارەکانیان بهێنن و بە جێیبهێڵن، یان بە ناچاری ببنە موسڵمان. لە سەروو هەمووشیانەوە، (أبو سعد العلا بن الموصلايا و أبو نصر هبة الله بن الحسن) کە مەسیحی بوون و  دوو کەسی دیار بوون، لە ناموسڵمانەکان و پلە و پۆستیان هەبوو لە خیلافەت، بە ناچاری موسڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی لە کارەکانیان دەرنەکرێن و دوور نەخرێنەوە (ابن الجوزي، 1992: 292/16؛ ابن الاثیر، 1987: 466/8).

ئەگەر فەرمانی سەپاندنی جیاکاری، لە سەردەمی بوەیهی، ماوەیەکی کەمی خایاندبێ، ئەوا بە پێچەوانەوە لە سەردەمی سەلجوقی، ماوەیەکی زۆری دەخایاند. بۆ وێنە ئەو بڕیاری سەپاندنە جیاکارییەی، کە لە ساڵی (484ك/1091ز) دەرچوو، ماوەی (14) چواردە ساڵی خایاند و بەردەوام بوو، تا لە ساڵی (498ك/1105ز) فەرمانەکە هەڵگیرا. ئەمیش بە هۆی داواکاری قەشەیەکی پزیشك بوو، بە نێوی (أبو الفرج سعيد بن ابراهيم الواسطي) کە خزمەتی خەلیفە (المستظهربالله- 487-512ك/1094- 1118ز) ی دەکرد و نزیك بوو لێی (ابن سليمان، 1899: 144). هەموو ئەم زانیاریانە، دەرخەری ئەو ڕاستیەن، کە سەپاندنە جیاکارییەکان، لە سەر ناموسڵمانەکان، لە سەردەمی سەلجوقی توندتر بوو، بەراورد بە سەردەمی بوەیهی. کە لە ڕاستیدا ناکەوێتە پێش چاومان، میری بوەیهی، فەرمانی جیاکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی، بە سەر ناموسڵمانەکاندا سەپاند بێ. بەڵام بە پێچەوانەوە، سوڵتانی سەلجوقی، ئەو فەرمانەی دەرکردووە، لە دژی ناموسڵمانەکان، هەر بۆیە دەبینین لە ساڵی (515ك/1121ز) یەك لە سوڵتانە سەلجوقییەکان، فەرمانی کرد کە ناموسڵمانەکان پابەند بن، بە جیاکارییەکانەوە، لە پۆشینی جلوبەرگیاندا. ئەگەرچی ئەم فەرمانە جێبەجێ نەکرا، لە بەرامبەر پێدانی پارە، لە لایەن ناموسڵمانەکانەوە، بە سوڵتانی سەلجوقی و خەلیفەی عەباسی، بە شێوەیەك بڕی (20000) بیست هەزار دیناریان دا بە سوڵتان و (4000) چوار هەزار دیناریشیان دا بە خەلیفەی

عەباسی (ابن الاثیر، 2003: 211/9). کە ئەمەش زوڵمێکی ئاشکرا بوو، لە ناموسڵمانەکان دەکرا، لە سەردەمی سەلجوقی لە ڕووی جیاکاری ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە، بە پێچەوانەوە لە سەردەمی بوەیهی، ئەمانە بەرچاو ناکەون.

کەواتا فەرمانەکانی سەپاندنی جیاکارییە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان، لە سەردەمی سەلجوقی، زیاتر دووبارە دەبوویەوە و دەسەپێنرا، بەراورد بە سەردەمی بوەیهی. کە هۆکاری ئەم جیاوازییەش، دەگەڕایەوە بۆ خودی هەژموونی دەسەڵاتی بوەیهی و سەلجوقی، کە هەردوو هێز لە یەکتری جیاواز بوون و خاوەن ڕوئیای تایبەت بە خۆیان بوون و بە شێوەی جیاواز، کاریگەریان دەخستە سەر خیلافەی عەباسی و لە سەردەمەکەیاندا ڕەنگی دەدایەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین، هۆکاری زیاتری سەپاندنە جیاکارییە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان، بە سەر ناموسڵمانەکان، لە سەردەمی سەلجوقی، بەراورد بە سەردەمی بوەیهی، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سەلجوقی، بە بەڵگەی ئەوەی لە سەردەمی خەلیفە (الراشد بالله) تا سەردەمی خەلیفە (الناصردین الله) کە ماوەی ساڵانی (529- 622ك/ 1135- 1225ز) دەگرێتەوە، کە لەو ماوەیەدا، هەژموونی دەسەڵاتی سەلجوقی لە خیلافە بەرەو کاڵ بوونەوە دەڕوا و دەسەڵاتیان دەروخێ و لەناو دەچێت. هیچ بڕیارێك، لە دژی ناموسڵمانەکان، بۆ سەپاندنی جیاکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی دەرناچێ. کەواتا ئەمە بەڵگەیە، لە سەر ئەوەی، کە هۆکاری زیاتری سەپاندنە جیاکارییەکان، لە لایەن خەلیفەکانی عەباسیەوە، لە سەردەمی سەلجوقی، خودی سەلجوقییەکان بوون، چونکە دەمارگیری ئایینییان زیاتر بوو، بەراورد بە بوەیهیەکان، بۆیە کاتێك هەژموونی دەسەڵاتیان بە سەر خەلیفەکانەوە نامێنێ، بڕیاری سەپاندنە جیاکاریەکانیش بە سەر ناموسڵمانەکان کەم دەبنەوە، یا دەتوانین بڵێین نامێنن.

ئەگەرچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە دان بەو ڕاستیەش دابنێین، کە جاری واش هەبووە، خودی سوڵتانی سەلجوقی، لە دژی زۆری سەپاندنە جیاکارییەکان، بە سەر ناموسڵمانەکاندا، هەڵوێستی وەرگرتووە، لە بەرژەوەندی ناموسڵمانەکان. ئەمەش لەو فەرمانەدا دەردەکەوێت، کە سوڵتان (ملکشاه 465- 485ك/1072- 1092ز) دەریکرد، بۆ لابردنی (أبو شجاع) لە وەزیرایەتی لە ساڵی (484ك/1091ز). چونکە زۆر توند بوو لە سەپاندنی جیاکاری بە سەر ناموسڵمانەکاندا. بۆیە لە لایەن کەسێکی جولەکەوە، کە لای سوڵتان پلە و پایەی هەبوو، سکاڵا لەو وەزیرە کرا و سوڵتانیش هەڵوێستی نواند و فەرمانی کرد بە لابردنی (ابن الاثیر، 1987: 466/8). بەڵام هەرچۆنێك بێ، ئەمەش لە سەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاستی تاك بوو، بۆیە دەتوانین بڵێین، بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی ناموسڵمانەکان، لە ڕووی جیاکارییە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانەوە، لە سەردەمی بوەیهی باشتر بوو، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی.

## 2-4: کێشە و ململانێی نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان

لە ڕاستیدا ئەگەر بێین باس لە ململانێێ نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان بکەین، لە هەردوو سەردەم، دەبینین ململانێ و شەڕ و ئاژاوە، لە ئارادا بووە و ڕوویداوە. بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر، بەراورد بە ململانێی ناوخۆیی موسڵمانان وەکو ململانێی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە لە ئاینی ئیسلامدا، مافی ناموسڵمانەکان پارێزراو بوو، وە تا ڕادەیەك پەیوەندی نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان ڕێکخرا بوو، لە چوارچێوەی شەرع و یاسای ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی بە ئاشتی بژین، لە سنوری یەك وڵاتدا. وەکو ئەوەی دەبینین، لە ئاینی ئیسلامدا، ڕێگەدراوە بە کارکردنی موسڵمانان لای ناموسڵمانەکان، بە مەرجێك لە پەرستگاکانیان و دروستکردنی مەی و مادە حەرام و قەدەغە کراوەکاندا کار نەکەن (الخلال، 1994: 117-119؛ ابن القیم الجوزیة، 1997: 561/1). هەروەها فوقەها و زانا موسڵمانەکان، ڕێگەیان داوە بە سەردانیکردنی ناموسڵمانەکان و پیرۆزبایی کردنیان، لە کاتەکانی منداڵ بوون و هاوسەرگیری و بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی تر. وە بەشداریکردن لە پرسەکانیان و سەرەخۆشی لێکردنیان، ئەگەر خزم و هاوڕێ و نزیکیان بوون، یا دراوسێیان بوون و لە هەمان گەڕەك و ناوچەدا بوون (ابن القیم الجوزیة، 1:1997/ 432-437، 441-442).

بۆیە دیاریکردنی پەیوەندییەکان و پاراستنی مافی ناموسڵمانەکان، لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە، وایکرد بوو موسڵمان و ناموسڵمانەکان بە ئاشتی بژین، لە چوارچێوەی یەك وڵاتدا. بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نیە، کە بەر یەککەوتن و کێشە و ململانێ، ڕووینەداوە لە نێوانیاندا. بەڵکو دەبینین لە هەردوو سەردەم، کێشە و ململانێ و ئاژاوە گەلێك، لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا ڕوویداوە. وە بە بەراورد کردنمان بۆ هەردوو سەردەمەکە، دەبینین ململانێیەکان زیاتر لە سەردەمی بوەیهی دووبارە دەبوونەوە، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی.

لەو بارەیەوە دەبینین لە ساڵی (392ك/1002ز) کێشەیەك لە نێوان موسڵمانەکان و ناموسڵمانەکان سەریهەڵدا. ئەمیش بە هۆی ئەوەوە بوو، کە پیاوێکی مەسیحی، زینای لەگەڵ ئافرەتێکی موسڵماندا

کرد، کە هاوسەری پیاوێکی نانەوا بوو. وە دوای ماوەیەکی کەم لە تاوانەکە، هاوسەری ئافرەتەکە، بە مردوویی دۆزرایەوە. بۆیە مەسیحییەکان بەو ڕووداوە تۆمەتبار کران و خەڵکی گشتی لە موسڵمانان، هێرش دەکەنە سەر ماڵەکانیان و تاڵانیان دەکەن. هەروەها لە لایەن موسڵمانەکانەوە، یەکێك لە کەنیسەکانی مەسیحییەکان تاڵان دەکرێت و پاشانیش گڕی تێبەر دەدرێ و دەسوتێنرێ. بۆیە سەقفی بیناکە، دەکەوێتە خوارەوە و سەرەنجام کۆمەڵێك لە موسڵمانەکان لەناو دەچن (ابن الجوزي، 1992: 32/15؛ ابن سليمان، 1899: 115).

لە ڕاستیدا نەرمونیانی بوەیهییەکان و باش مامەڵە کردنیان لەگەڵ ناموسڵمانەکان، یەك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ململانێکان و زیاتر دووبارە بوونەوەی کێشە و ئاژاوەکانی نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان بوو، لە سەردەمی بوەیهی، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی. لە بەر ئەوەی ئازادی ڕەهای ناموسڵمانەکان لەو سەردەمە، هەستێکی نەرێنی لای موسڵمانان دروستکرد بوو. هەروەکو پێشتر باسمانکرد، لە سەردەمی بوەیهی، کەمترینجار فەرمانی جیاکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و پابەندییەکان بە سەر ناموسڵمانەکاندا دەسەپێنرا. ئەمەش وایکرد بوو ناموسڵمانەکان، ئەو ئازادی و نەرمی نواندنەی بوەیهییەکان، بقۆزنەوە و شتانێك یا ڕەفتار گەلێك ئەنجام بدەن، کە بەپێی شەرع و یاسای دەوڵەتی ئیسلامی، قەدەغە بوو لێیان. ئەمەش تورە بوونی موسڵمانانی لێ دەکەوتەوە و سەرەنجام دەبووە هۆی هێرشکردنە سەر ناموسڵمانەکان و کێشە و ئاژاوە، لە نێوان هەردوولا.

لەو بارەیەوە دەبینین، لە ساڵی (403ك/1012ز) بە هۆی بەڕێوە چوونی پرسەی ئافرەتێکی مەسیحی، لە ڕۆژدا و بە ئاشکرا، بە گریان و تەپڵ لێدان و بە ئامادە بوونی ڕاهیب و قەشەی مەسیحی و هەڵگرتنی مۆم و خاچ و دروشمی ئاینی مەسیحی، نارەزایی موسڵمانانی بە دوای خۆیدا هێنا. چونکە بەپێی فتوای فتوادەران و زانایان، نە دەبوو ناموسڵمانەکان لە ڕۆژدا و بە ئاشکرا پرسە بگێڕن. هەر بۆیە ئەمە کێشە و ئاژاوەی لێکەوتەوە و سەرەنجام موسڵمانەکان، هێرشیان کردە سەر خانەی (دارالروم) کە پەرستگە یا کەنیسەی مەسیحییەکانی لێبوو، هەر بۆیە پەرستگاکەیان تاڵانکرد و دواتریش هێرشیانکردە سەر ماڵەکانی تەنیشت پەرستگاکە و تاڵانیانکردن (ابن الجوزي، 1992: 91/15؛ ابن سليمان، 1899: 115). ئەوەی تێبینی دەکرێ لەو ململانێیانەدا، لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان، زیاتر موسڵمانەکان هێرشیان کردووەتە سەر ناموسڵمانەکان و چەوساندوویاننەتەوە، کە وەك شەڕ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێفرۆشتنێك دێتە پێشچاو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمینە بوونی ناموسڵمانەکان. هەربۆیە جارێکی تر لەساڵی (423ك/1032ز) (دارالروم) ی مەسیحییەکان تالانکرا (ابن سليمان. 1899: 97).

جێگەی باسە کە هەر وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، دووبارە بوونەوەی ناکۆکیەکان، لە سەردەمی بوەیهی، زیاتر دەبینرا یا ڕوویاندەدا، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی. بەو پێیەش کە ناکۆکییەکان، لە کۆتاییەکانی سەردەمی بوەیهی دابوون. دەکرێ هۆکارێکی زیاتر دووبارە بوونەوەی ئەو ناکۆکیانە، بۆ لاواز بوونی دەسەڵاتی بوەیهی بگەڕێنینەوە. چونکە خەلیفەکانیش کەوتبوونە ژێر دەستی میرە بوەیهییەکان و هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو، بەو واتایەی بوەیهیەکان خۆیان دەسەڵاتیان بەرەو لاوازی چووبوو و خەلیفەکانیشیان لە سەرجەم دەسەڵاتێك داماڵی بوو. کە ئەمەش بێ دەسەڵاتی دەوڵەت و لە ئەنجامدا نا ئارامی و نا سەقامگیری وڵاتی لێکەوتبووەوە. بە پێچەوانەوە کە سەلجوقییەکان دەست بە سەر خیلافەدا دەگرن، بە هۆی زەبر و زەنگ و توند و تیژییانەوە، وە بە هۆی سنووردارکردنی ئازادی ناموسڵمانەکان، لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە، نا ئارامی و ناکۆکیەکانیش لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان کەم دەبنەوە، بە تایبەت لە سەرەتای سەردەمەکەیاندا. بە پێچەوانەوە لە سەردەمی بوەیهی، ئازادی زیاتر درا بوو بە ناموسڵمانەکان، کە ئەمەش دەبووە هۆی ململانێ و ناکۆکی نێوان هەردوو لایەنەکە. هەربۆیە دەبینین جارێکی تر لە ساڵی (437ك/1045-1046ز) بە هۆی پرسە گێرانی مەسیحییەکان لە ڕۆژدا، لە شاری واست، ململانێ و ناکۆکی هاتە ئاراوە و موسڵمانەکان هێرشیان کردە سەر پرسەکە و مردووەکەیان ڕفاند و کفنەکەیان لێکردەوە و سوتاندیان، پاشانیش خۆڵەمێشەکەیان فڕێدایە ناو ڕووباری دیجلە. هەروەها دێری مەسیحییەکانیشیان ئاگر تێبەردا و سوتاند (سبط ابن الجوزي، 2013: 459/18).

جێگەی ئاماژە پێدانە، کێشە مەزهەبیەکانی نێوان شیعە و سوننە، هۆکارێکی تر بوو بۆ زیاتر دووبارە بوونەوەی ململانێکانی نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکانیش، لە سەردەمی بوەیهی. چونکە وا دێتە پێشچاو، کە بەهۆی نزیکی ناموسڵمانەکان لە بوەیهییەکان و بەو پێیەش، کە بوەیهیەکان شیعە بوون، ناموسڵمانەکانیش لە کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە یارمەتی یان لایەنگیری شیعەکانیان کردووە، دژی سوننەکان. ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە سوننەکان، زۆرجار لە کاتی کێشەکانیاندا، لەگەڵ هەڵگرانی بیروباوەڕانی شیعە، پەلاماری ناموسڵمانەکانیش بدەن، کە وایان هەست دەکرد، لایەنگری شیعەکانن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو بارەیەوە دەبینین، لە ساڵی (422ك/1031ز) کاتێ ناکۆکی و ململانێ، لە نێوان سوننە و شیعە، لە بەغدا بەرپا بوو، جولەکەکان تۆمەتبار کران، بە یارمەتیدانی شیعەکانی کەرخ. بۆیە موسڵمانە سوننەکان، هێرشیان کردە سەر ماڵی جولەکەکان و تاڵانیان کردن (ابن الجوزي، 1992: 214/15؛ ابن الاثیر، 1987: 8/199-200). هەروەها جارێکی تر لە ساڵی (437ك/1046ز) بە هۆی کێشەکانی نێوان شیعە و سوننەوە، هێرش دەکرێتەوە سەر ماڵی جولەکەکان و تاڵانیان دەکەن. پاشان هێرش دەکرێتە سەر مەسیحییەکانیش و یەك لە کەنیسەکانیان دەسوتێنرێ (ابن الجوزي، 1992: 302/15). کەواتا ئەمە خاڵێکی تری جیاوازی هەردوو سەردەمەکەیە، لە کێشەکانی نێوان موسڵمان و نا موسڵمانەکان و زیاتر دووبارە بوونەوەیان لە سەردەمی بوەیهی، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی.

هەر دەربارەی زیاتر دووبارە بوونەوەی ململانێ و کێشە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانی موسڵمان و ناموسڵمانەکان، لە سەردەمی بوەیهی، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی، دەبینین لە ساڵی (446ك/1054ز) کێشەیەکی تر لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان دێتە ئاراوە، هەر وەکو لە زۆربەی ناکۆکیەکانیش، موسڵمانەکان هێرشیان کردووەتە سەر نا موسڵمانەکان، ئەمجارەش لە دوا ساڵەکانی سەردەمی بوەیهی و بەهۆی بێ دەسەڵاتی دەوڵەت و فەوزاگەردانیەوە، جارێکی تر هێرش دەکرێتەوە سەر ناموسڵمانەکان. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جارەیان زیاتر هۆکاری سیاسی و ئابووری لە پشتەوە بوو، بەراورد بە هۆکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی. چونکە ئەمجارەیان خەڵکی گشتی لە موسڵمانەکان، هێرش ناکەنە سەر ناموسڵمانەکان، بەڵکو تورکەکانی بەغدا، بە هۆی پێنەدانی موچە و بژێوی ژیانیان لە لایەن (البساسيري) یەوە، هێرش دەکەنە سەر (دارالروم) ی مەسیحییەکان و پەرستگاکەیان دەسوتێنن و ماڵەکانیان تاڵان دەکەن. وەکو تۆڵە سەندنەوەیەك، لە نوسەری (البساسيري) کە پیاوێکی مەسیحی بوو (ابن الاثیر، 1987: 315/8).

کەواتا لە سەردەمی بوەیهی، کێشە و ناکۆکییەکی زیاتر، لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان لە ئارادا بوو، بە تایبەت لە کۆتاییەکانی سەردەمەکە، کە ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ لاوازی دەسەڵات و فەوزاگەردانی وڵات، بەهۆی لاواز بوونی دەوڵەتی بوەیهییەوە. بەڵام کاتێك سەردەمی بوەیهی کۆتایی پێدێت و سەردەمی سەلجوقی دەست پێدەکات، بە هۆی زەبروزەنگی دەسەڵاتیان و سنودار کردنی ئازادی ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانی ناموسڵمانەکان، کاریگەری دەبێت لە سەر کەمبوونەوەی کێشە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناکۆکییەکان، لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکانیش لەو سەردەمە، بەراورد بە سەردەمی بوەیهی، چونکە بیانوی موسڵمانەکان، کەمتر دەبنەوە و نامێنن، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ناموسڵمانەکان.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کەوەکو باسمانکرد، کێشە و ململانێکانی نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان، کەمتر دەبنەوە، لە سەردەمی سەلجوقی، بەراورد بە سەردەمی بوەیهی، کە کێشە و ململانێیەکی زیاتر لە ئارادا بوو، لە نێوان هەردوو لایەنەکە، لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە مانای ئەمە نیە، کە لە سەردەمی سەلجوقی، هیچ کێشە و ناکۆکییەك، لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکاندا ڕووی نەدابێ، بەڵکو دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەش، کێشە و ناکۆکی هەبووە، بەڵام کەمتر بەراورد بە سەردەمی بوەیهی. هەربۆیە دەبینین، لە سەردەمی سەلجوقی، هێرش دەکرێتە سەر کەسایەتییەکی ناسراوی ناموسڵمان، بە نێوی (سبريشوع) ناوبراو (جاثليق) ی مەسیحییەکان بوو، کە لە کاتی تێپەڕ بوونی بە لای ژمارەیەك خەڵکی ئاسایی لە موسڵمانان، هێرش دەکرێتە سەری و بە ڕادەیەك زۆری نامێنێ، کە بە تەواوی بیکوژن، بەڵام هەرچۆنێك بێت، لە ژێر دەستیان ڕزگاری دەبێ. دواتر موسڵمانەکان هەر بەوەندە ناوەستن، بەڵکو هێرش دەکەنە سەر مەسیحییەکان و هەندێك لە ماڵەکانیان تاڵان دەکەن (ابن البنا، د.ت: 289؛ حسين، 2000: 220).

شایەنی باسە جارێکی تر لە ساڵی (573ك/1177-1178ز) ئاژاوەیەکی تر لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان سەریهەڵدا، ئەمیش بە هۆی ئەوەوە بوو، کە هەندێك لە موسڵمانەکانی (المدائن) هاتنە بەغدا و سکاڵای ئەوەیان کرد، کە جولەکەکان ناڕەزایی دەردەبڕن، بەرامبەر بانگبێژی و مزگەوتەکانیان. بۆیە موسڵمانەکانی بەغدا، هێرشیان کردە سەر جولەکەکانی (المدائن)، لە ئەنجامدا ماڵەکانیان تاڵانکردن و کەنیسەکانیان سوتاند. بە شێوەیەك جولەکەکان خۆیان لە ماڵەکانیان شاردەوە و نەیاندەوێرا دەربکەون، تا ئەو کاتەی هێزی پۆلیس، گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و ئارامی بۆ دۆخەکە گەڕایەوە. بەڵام ژمارەیەك سزا، بە سەر جولەکەکاندا سەپێنرا و بڕیار درا، کەنیسەکانیان بکرێن بە مزگەوت (ابن الجوزي، 1992: 242/18؛ ابن الاثير، 2003: 89/10) کە لە ڕاستیدا ئەمەش بڕیارێکی توند و ناداد پەروەرانە بوو، لەو سەردەمە دەرچوو، دژی ناموسڵمانەکان، بە پێچەوانەوە لە سەردەمی بوەیهی، کە بوەیهیەکان حوکمی خیلافەیان دەکرد، لە ململانێکانی نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان، دەسەڵات جیاوازی لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان نە دەکرد، لە کاتی کێشە و ناکۆکییەکاندا.

لێرەدا وەکو ئەوەی کە ڕوونکرایەوە، بۆمان دەردەکەوێت ناکۆکی و ململانێ ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی بوەیهی زیاتر بوو، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی، وەکو پێشتریش باسمانکرد، کە هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕایەوە، بۆ خودی بوەیهییەکان و ئازادیدان بە ناموسڵمانەکان. بە شێوەیەك کە لە لایەن موسڵمانەکانەوە زۆرجار قبوڵ نە دەکرا و سەرەنجام پشێوی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوتەوە. بەڵام لە سەردەمی سەلجوقی، لەگەڵ سنوردارکردنی ئازادی ناموسڵمانەکان، پشێوی و ئاژاوەکانیش کەم بوونەوە و سنوردارکران.

## 5. دەرئەنجام

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا بە کۆمەڵێ ئەنجام گەیشتین، ك لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینە ڕوو.

1- لە کۆتایی ئەو توێژینەوەیەدا، بەو ئەنجامە گەیشتین، کە بە شێوەیەکی گشتی بوەیهییەکان نزیکتر بوون لە ناموسڵمانەکان بەراورد بە سەلجوقیەکان، کە ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ دەمارگیری زیاتری سەلجوقیەکان لە ڕووی ئاینییەوە بەراورد بە بوەیهیەکان.

2- ناموسڵمانەکان لە هەردوو سەردەمی بوەیهی و سەلجوقی ئازاد بوونە لە پەرستشە ئاینییەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخیان لە سەردەمی بوەیهی باشتر بوو بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی، چونکە زۆرجار لە لایەن سەلجوقییەکانەوە هێرشیان کراوەتە سەر و پەرستگاکانیان تاڵان کردوون.

3- بۆمان وە دەرکەوت کە ناموسڵمانەکان لە هەردوو سەردەم برەویان بە فیکری ئاینی و زانستی خۆیان داوە، بەڵام بوەیهییەکان نزیکتر بوون لە زانا ناموسڵمانەکان، بەراورد بە سەلجوقییەکان کە نزیکایەتیان کەمتر بوو.

4- بۆمان وە دەرکەوت کە سەپاندنی جیاکارییە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان لە سەردەمی بوەیهی کەمتر بوو، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی، کە هەر ئەمەش هۆکاری زیاتری دووبارە بوونەوەی کێشە و ململانێێ نێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان بوو لە سەردەمی بوەیهی، بەراورد بە سەردەمی سەلجوقی.

5- زۆربەی جیاوازییەکانی هەردوو سەردەم، لە ڕووی بارودۆخی ئایینی ناموسڵمانەکان، دەگەڕایەوە بۆ جیاوازی دەسەڵاتی بوەیهی و سەلجوقی، لە ڕووی سیاسی و ئاینییەوە، کە وای کرد بوو بە شێوەیەکی جیاواز کاریگەری بخەنە سەر سەردەمەکانیان.

## 6. لیستی سەرچاوەکان:


1- بن الاثير، عزالدين أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد الشيباني، 1987 و 2003، الكامل في التاريخ، راجعه وصححه: محمد يوسف الدقاق، بيروت: دار الكتب العلمية.

2- الأزدي، جمال الدين أبو الحسن علي بن منصور بن ظافر بن حسين، 1999، أخبار الدول المنقطعه، تحقيق: عصام مصطفى هزايمة و عبدالكريم المحافضة و محمد علي يوسف طعاني و علي ابراهيم مصطفى، أربد: دار الكندري.

3- الاشعري، أبي الحسن علي بن إسماعيل، 1990، المقالات الاسلامين واختيلاف المصلين، تحقيق: محمد محى الدين عبدالحميد، بيروت: المكتبة العصرية.

4- الأصفهاني، عمادالدين محمد بن محمد بن حامد، 1900، دولة ال السلجوق، مصر: شركة طبع الكتب العربية.

5- ابن أبي أصبيعة، موفق الدين أبي العباس أحمد بن القاسم بن خليفه بن يونس، د.ت، عيون الانباء في طبقات الاطباء، شرح و تحقيق: نزار رضا، بيروت: دار المكتبة الحياة.

6- الأنطاكي، يحيى بن سعيد بن يحيى، 1990، تاريخ الأنطاكي المعروف بصلة تاريخ أو تيخا، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، طرابلس: جروس برس.

7- الأيوبي، محمد بن تقى الدين عمر، د.ت، مضمار الحقائق وسر الخلائق، تحقيق: حسن حبشى، القاهرة: عالم الكتب.

8- البغدادي، أبي منصور عبدالقهار بن طاهر بن محمد، د.ت، الفرق بين الفرق، د.م.

9- ابن البنا، أبو علي الحسن بن أحمد البغدادي، د.ت، يوميات ابن البنا، تحقيق: جورج مقدسي، د.م.

10- البيهقي، أبو الفضل محمد بن حسين، د.ت، تاريخ البيهقي، ترجمة الى العربية: يحيى الخشاب و صادق نشات، مصر: دار الطباعة الحديثة.

11- التطيلي، بنيامين بن يونه البناري الأندلسي، 2002، رحلة بنيامين التطيلي، ترجمها وعلق عليه: عزرا حداد، دراسة و تقديم: عبدالرحمن عبدالله الشيخ، أبوظبي: المجتمع الثقافي.\

12- التنوخي، أبي علي المحسن بن علي بن محمد، 1995، نشوار المحاضرة و أخبار المذاكرة، تحقيق: عبود الشالجي، ط2، بيروت: دار صادر.

13- التوحيدي، علي بن محمد بن العباس، 1961، مثالب الوزيرين (أخلاق الصاحب بن عباد وابن العميد)، تحقيق: ابراهيم الكيلاني، دمشق: دار الفكر.
14- التوحيدي، علي بن محمد بن العباس، 1998، الصداقة والصديق، تحقيق: ابراهيم الكيلاني، دمشق: دار الفكر.
15- ابن الجوزي، أبى الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد، 1992، المنتظم فى تاريخ الملوك والامم، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، راجعة وصحه: نعيم زرزور، بيروت: دار الكتب العلمية.
16- حسن، قادر محمد، 2011، الامارات الكوردية في العهد البويهي، أربيل، مطبعة رۆژهەڵات.
17- حسين، يحيى أحمد عبدالهادي، 2000، أهل الذمة في العراق في العصر السلجوقي، أطروحة دكتوراه، جامعة الاردنية: كلية الدراسات العليا.
18- الحسيني، صدرالدين أبو الحسن علي بن ناصر، 1933، أخبار الدولة السلجوقية، تصحيحة: محمد اقبال، لاهور.
19- الحسيني، صدرالدين أبو الحسن علي بن ناصر، 1985، زبدة التواريخ أخبار الأمراء والملوك السلجوقيه، تحقيق: محمد نورالدين، بيروت: دار اقرأ.
20- حلمي، احمد كمال الدين، 1975، السلاجقة في التاريخ والحضارة، الكويت: دار البحوث العلمية
21- الحموي، شهاب الدين أبي عبدالله ياقوت بن عبدالله، 1977، معجم البلدان، بيروت: دار صادر.
22- الحموي، شهاب الدين أبي عبدالله ياقوت بن عبدالله، 1993، معجم الادباء إرشاد الاريب الى معرفة الاديب، تحقيق: إحسان عباس، بيروت: دار الغرب الاسلامي.
23- الخربوطلي، علي حسني، 1969، الاسلام وأهل الذمة، القاهرة، مطابع شركة الاعلانات الشرقية.
24- الخلال، أبو بكر أحمد بن محمد، 1994، أحكام أهل الملل، تحقيق: سيد كسروي حسن، بيروت: دار الكتب العلمية.
25- الدوري، عبدالعزيز، 1995، تاريخ العراق والاقتصادي في القرن الرابع الهجري، ط3، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
26- ديورانت، ويل، د.ت، قصة الحضارة، ترجمة: محمد بدران، بيروت: دار الجيل للطبع والنشر والتوزيع.
27- الراوندي، محمد بن علي بن سليمان، 2005، راحة الصدور وأيه السرور فى تاريخ الدولة السلجوقية، ترجمة: ابراهيم أمين الشورابي و عبدالنعيم محمد حسنين و فؤاد عبدالمعطي الصياد، القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة.
28- رحمة الله، مليحة، 1970، الحالة الاجتماعية في العراق في القرنين (3-4هـ)، بغداد: مطبعة الزهراء.

29- الزواهرة، عمر خلف عبدالمحسن، 2011، العراق خلال عهد عضد الدولة البويهي (367- 372هـ/978-983م)، رسالة ماجستير، جامعة ال بيت، كلية الاداب والعلوم الانسانية.
30- أبو سبت، محمد نواف عبدربه، 2018، واقع الحياة العامة في العراق زمن البويهيين (322- 447هـ/933-1055م)، رسالة ماجستير، جامعة الاسلامية بغزة، كلية الاداب.
31- سبط ابن الجوزي، شمس الدين أبي المظفر يوسف بن قراو غلي التركي، 2013، مرآة الزمان فى تاريخ الاعيان، دمشق: دار الرسالة العالمية.
32- سلهب، حسن، 2008، تاريخ العراق في العهد البويهي دراسة في الحياة الفكرية، بيروت: دار الحجة البيضاء.
33- ابن سليمان، ماري، 1899، أخبار فطاركة كرسي المشرق من كتاب المجدل، تحقيق: جيسموندي، طبع في رومية الكبرى.
34- الشابشتي، أبي الحسن علي بن محمد، 1986، الديارات، تحقيق: كوركيس عواد، ط3، بيروت: دار الرائد العربي.
35- الشهرستاني، أبى الفتح محمد عبدالكريم بن أبى بكر أحمد 1968، الملل والنحل، تحقيق: عبدالعزيز محمد الوكيل، القاهرة: مؤسسة الحلبي.
36- صائع، إيمان بنت علاءالدين إبراهيم، 2004، العلاقات الخارجية للدولة الغزنوية (351- 582هـ/962-1186م)، رسالة ماجستير، جامعة أم القرى، كلية الشريعة والدراسات الإسلامية.
37- الصابي، أبي الحسن محمد بن هلال، 1967، الهفوات النادرة، حققه وعلق عليه وقدم له: صالح الاشتر، دمشق: مطبوعات مجمع اللغة العربية.
38- الطائي، سعاد هادي حسن و العنبكي، شيماء فاضل عبدالحميد، 2020، دراسات في تاريخ المشرق الاسلامي، بغداد: دار المكتبة العدنان.
39- ابن الطقطقى، محمد بن علي بن طباطبا، د.ت، الفخري فى الاداب السلطانية والدول الالسلامية، بيروت: دار صادر.
40- عبدالله، شقان ظاهر، 2012، الاقطاع في كردستان (334- 656هـ/945- 1258م)، أطروحة دكتوراه، جامعة دهوك، كلية الاداب.
41- ابن العبري، أبو الفرج غريغوريس بن هارون الملطي، 1994، تاريخ مختصر الدول، تصحيح: الأب أنضون صالحاني اليسوعي، ط2، بيروت: دار الرائد اللبناني.
42- عزام، خالد، 2009، موسوعة التاريخ الاسلامي والعصر العباسي، عمان: دار أسامة.
43- عطاه، زبيدة، د.ت، الترك في العصور الوسطى، د.م، دار الفكر العربي.

44- الغزاوي، ايمان سليمان احمد، 2001، أهل الذمة في العصر البويهي (334- 447هـ/945- 1055م)، رسالة ماجستير، جامعة اليرموك، كلية الاداب.
45- ابن قتيبة، أبو محمد عبدالله بن مسلم، د.ت، المعارف، تحقيق وتقديم: ثروت عكاشة، ط4، القاهرة: دار المعارف.
46- القفطي، جمال الدين أبو الحسن علي بن يوسف، 1903، تاريخ الحكماء وهو مختصر الزوزني المسمى بالمنتخبات الملتقطات من كتاب إخبار العلماء بأخبار الحكماء، بغداد: مكتبة المثنى.
47- ابن القيم الجوزية، شمس الدين أبي عبدالله محمد بن أبي بكر، 1997، أحكام أهل الذمة ، حققه و علق عليه: أبي براء يوسف بن أحمد البكري و أبي أحمد شاكر بن توفيق العروري، رمادي للنشر.
48- ابن كثير، أبو الفدا إسماعيل بن عمر القرشي، 1991، البداية والنهاية، بيروت: مكتبة المعارف.
49- الماوردي، أبى الحسن علي بن محمد بن حبيب، 1989، الأحكام السلطانية الولايات الدينيه، تحقيق: أحمد مبارك البغدادي، الكويت: مكتبة دار ابن قتيبة.
50- ابن متي، عمرو، 1896، اخبار فطاركة كرسي المشرق من كتاب المجدل، طبع فى رومية الكبرى.
51- مسكوية، أبي علي احمد بن محمد بن يعقوب ،2003، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، بيروت: دار الكتب العلمية.
52- مصطاف، ثامر نعمان، 2011، الرأي العام في العراق في عصر السيطره السلجوقية 447- 590هـ/1055- 1193م، أطروحة دكتوراه، جامعة واسط، كلية التربية.
53- الملطي، أبى الحسين محمد بن أحمد، 2009، التنبية والرد على أهل الاهواء والبدع، عني بتصحيحة: س. ديدرينغ، بيروت: المعهد الالماني للأبحاث الشرقية.
54- موريس فيه، جان، 1990، أحوال النصارى في الخلافة بني العباس، نقل الى العربية: حسني زينه، بيروت: دار المشرق.
55- نظام الملك، أبو علي حسن بن علي، 2007، سيرالملوك أو سياست نامه، ترجمة عن الفارسية: يوسف بكار، بيروت: دار المناهل.
56- النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب، 2004، نهاية الأرب في فنون الأدب، تحقيق: نجيب مصطفى فواز و حكمت كشلي فواز، بيروت: دار الكتب العلمية.
57- الهمذاني، محمد بن عبدالملك، د.ت، تكلمة تاريخ الطبري، تحقيق: محمد أبو الفضل ابراهيم، د.م، دار المعارف.
58- ابن الوردي، زين الدين عمر بن مظفر الشهير، 1996، تاريخ ان الوردي، بيروت: دار الكتب العلمية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

59- اليوزبكي، توفيق السلطان، 1976، الوزارة نشأتها وتطورها في الدولة العباسية، ط2، جامعة الموصل: دار الكتب.

# الأوضاع الدينية لغير المسلمين في الخلافة العباسية في العهدين البويهي و السلجوقي (دراسة مقارنة)

**ملخص**
يتناول هذا البحث الأوضاع الدينية لغير المسلمين في الخلافة العباسية، في العهدين البويهي والسلجوقي، وهو بحث مقارن، يتضمن جوانب العبادة، والتنمية بالفكر الديني- العلمي، وفرض التمييز الديني- الاجتماعي، ومشاكلهم وصراعاتهم مع المسلمين. وقد فرضت مكونات البحث تقسيمه إلى مدخل ومحورين رئيسين، يتكون كل منهما من نقطتين.
وبما أن بحثنا يتضمن الحديث عن العهدين البويهي والسلجوقي، لذا خصصنا المدخل للحديث باختصار عن هاتين القوتين والاستلاء على بغداد. ثم نتحدث عن الأوضاع الدينية لغير المسلمين، ففي المحور الأول الذي يتكون من نقطتين، حاولنا التحدث عن حرية العبادة والتنمية بالفكر الديني- العلمي عند غير المسلمين في العهدين بشكل المقارن، إذ كانوا في كلا العهدين أحرارا في أداء عباداتهم، غير أن البويهيين كانوا أحسن معاملة مقارنة بالسلاجقة الذين كانوا- في كثير من الاحيان- يهاجمون غير المسلمين. وفي المحور الثاني الذي يتكون من نقطتين، أيضا تحدثنا عن فرض التمييز على غير المسلمين ومشاكلهم مع المسلمين، وقارنا هذا الموضوع في العهدين المذكورين. واستنتجنا أن فرض التمييز في عهد البويهي كان أقل، وهذا ما أدى إلى قلق المسلمين وفي النتيجة كانوا يهاجمونهم، غير أن فرض التمييز في عهد السلجوقي كان أشد وأكثر، لذلك كانت المشاكل أقل، لأن الأسباب التي كانت تدعو لمهاجمتهم قد قلت. وأخيرا يمكن القول إن أكثر الاختلافات بين العهدين يرجع إلى اختلاف سلطة البويهي والسلجوقي من الناحية السياسية والدينية.
الكلمات الدلالة: البويهي، السلجوقي، خلافة العباسية، الديني، الغير المسلمين.

# The Religious Situation of Non- Muslims in Tha Abbasid Caliphate During the Buayhi and Seljuki Periods
## A Comparative Study

**Hoshmand Akram Maulwd**
Department of History, Faculty of Education, KoyaUniversity, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
hoshmand.akram@koyauniversity.org

**Dr. Kamaran Aziz Abdulla**
Department of History, Faculty of Education, KoyaUniversity, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایزی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Kamaran.aziz@koyauniversiyty.org

***Keywords***: *Buayhi, Seljuki, non-Muslims, Abbasid Caliphate, religious*

## Abstract

This paper deals with the religious situation of non-Muslims in the Abbasid Caliphate, during both the Buayhi and Seljuki periods, as a comparative study. It includes aspects of worship, the promotion of religious-scientific thought, the imposition of religious-social discrimination, and their problems and conflicts with Muslims. The structure of the research is divided into one gateway and two main parts, each consisting of two points.

Because our research includes both the Buayhi and Seljuki periods, therefore we have devoted this gateway to a brief discussion of these two forces and the capture of Baghdad. Then the religious situation of non-Muslims is explained. In the first part, which consists of two points, the researcher tries to talk the freedom of worship and the development of religious and scientific thought of non-Muslims in both periods comparatively. That as can be seen they were freed in both periods but the Buayhes treated them better than the Seljuks, who often attacked them. In the second part, which consists of two points, the researcher compares the imposition of discrimination and their problems with Muslims in both periods. Therefore, it can be seen that the discriminatory impositions were less imposed during the Buayhi period, which caused concern among Muslims and eventually attacked them, but during the Seljuki period, discriminatory impositions were more imposed on them. Therefore, the problems decreased because there were fewer excuses for Muslims to attack non-Muslims. In conclusion, most of the differences between the two periods were are to the political and religious differences between the Buayhi and Seljuki powers.